

**PDKI** eBook

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# پەسەندکراوی کۆنگرەی 16هەم

## کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات

www.**kurdistanMedia**.com

**PDKI** Media © 10 March **2018**

# پێشەکی

کوردستان لەو پانتا جوگرافیاییەدا هەڵکەوتووە، کە بە ناوچەی «ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست» ناودێر کراوە و هەرێمێکی دەوڵەمەند لە بواری سەرچاوە سروشتییەکانە. ئەو ناوچەیە شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شارستانییەتی مێژوویی و ئایینی جیاوازە، کە هەر کام لقی جۆراوجۆریان لێ بۆتەوە و خاوەنی پێڕەوی خۆیانن. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بواری پێکهاتەی کولتووری و نەتەوەییشەوە ناوچەیەکی فرەڕەنگە و چەندین نەتەوەی تێدا دەژین، کە هەرکام خاوەنی کولتووری خۆیانن و هەرکام لەم کولتوورانە خاوەنی ناسنامە و بایەخ و سەنگی تایبەت بە خۆیانن. ئەو ناوچە فرەڕەنگە، لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتە مودێڕنەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە هۆی بێبەشکرانی بەشێک لە گەلانی ئەو ناوچەیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان و جێگیرنەبوونی دێموکراسی، مەکۆی کێشە و گرفت بووە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەها ڕەنگاڵە و فرەچەشندا، نەتەوەی کورد خاوەن شارستانییەتێکی دێرینە. کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتە دێرینەکاندا، مودێلێک لە دەسەڵاتداریەتی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە جیاواز لە هەموو دەسەڵاتەکانی دەوروبەر بوو. دەسەڵاتی مادەکان لەسەر بنەمای یەکیەتیی دڵخوازانەی قەوم و هۆزەکانی نیشتەجێی زاگرۆس پێک هاتبوو و شێوە ئیدارەیەکی هاوبەش، کە تێیدا دان بە جیاوازییەکان نرابوو، هاتبووە ئاراوە.

مێژووی ماد، نیشانی داوە کە تەنیا لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا بەرگریی لە خۆی کردووە و هێرشی بۆ سەر خاک و خەڵکی دیکە نەکردووە. هەروەها بەپێچەوانەی ئیمپراتۆرییەکانی دەوروبەریش، ئایینێکی ڕەسمی نەبووە. دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ماد، هەرچەند کورد بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتێکی یەکدەستی نەبووە، کە تەواو خاکی کوردستان بگرێتە خۆ، بەڵام مێژووی کورد پڕە لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و بەرگریکارانە لە بەرامبەر هێرشی بێگانە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا و لە هەر شوێنێکی کوردستان کە توانای هەبووبێت، دەسەڵاتی خۆی دامەزراندووە.

شارستانییەتی کورد لە ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسەتی ڕێکخراو و حکوومەتی مودێڕنی کورددا ڕەنگی داوەتەوە. سەرەڕای سیاسەتی نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد، لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کە لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە حاکمیەتی خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، بەردەوامییەکی مێژوویی لە نێوان ئەو شارستانییەتە دێرینە و ناسنامەی نەتەوەیی کورد و گوتار و کرداری سیاسی لە کوردستاندا دەبینین. وەک نموونە، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە حکوومەتی مودێڕنی کورد لە خۆرهەڵات (لە ساڵی ١٣٢۴)، لە باشوور (لە دوای ڕاپەڕینی ١٣٧٠) و ئیدارەی خۆرئاوای کوردستان (لە ساڵی ١٣٩۴)ـی هەتاوی، نەک تەنیا خوازیاری ئەوە نەبوون ئایینی ڕەسمییان هەبێت، بەڵکوو جەختیان لەسەر لێبوردەیی (تۆلێرانس) بۆ جیاوازیی ئایینی، مەزهەبی و ئێتنیکی کردووە. هەروەها لە جێگای خۆیدایە ئاماژە بەوە بکرێت، کە حیزبی دێموکرات، وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، سێکۆلاریزم و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی لەگەڵ نەتەوە و ئایینی دیکە، بە سیاسەتی نەگۆڕی خۆی لە ١٣٢۴ەوە تاکوو ئێستا ڕەچاو کردووە.

کورد یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانە. خاکی کوردستان لە پاش شەڕی چاڵدێران، کە لە ساڵی ٨٩٣ی هەتاوی (١۵١۴ی زایینی)دا لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەویدا ڕووی دا، بە کردەوە دژ بە ئیرادە و ویستی کورد دابەش کرا. ئەم دابەشکردنە لە ساڵی ١٠١٨ی هەتاوی (١۶٣٩ی زایینی)دا بە واژۆکردنی «پەیمانی زەهاو» لە نێوان حکوومەتی سەفەوی و حکوومەتی عوسمانیدا، بە فەرمی ڕاگەیەندرا. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خاک و خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە ڕووبەڕووی دابەشکردنێکی تازە بوونەوە و دواجار بە سەر چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا دابەش کرانەوە. نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە هۆی دەسەڵاتدارانی ئەو چوار وڵاتەوە، مافە نەتەوایەتییەکانیان پێشێل کراوە.

# خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان

تێکۆشانی نەتەوەیی کورد، بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک لە خەباتی گشتیی نەتەوایەتیی کوردە، کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بە گەشەکردنی هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، سەری هەڵداوە. لەساڵی ١٢٥٩ی هەتاوی (١٨٨٠ی زایینی) بەملاوە، بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە دژی هەر دوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجار و بە هێنانەگۆڕی داخوازیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بەردی بناغەی بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستاندا دانرا. بەڵام بە هۆی گەشە نەکردنی بواری ئابووری، پیشەسازی، ڕێگەنەدان بە گەشەکردنی سیستمی پەروەردە، نەبوونی دەرەتان و ئامرازی پێوەندی و ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، خەباتێکی ڕێکخراوەیی هەمەلایەنە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان درەنگتر بیچمی گرت. سەرەڕای ئەمەش پێشەنگەکانی کۆمەڵگای کوردستان ساتێک لە بیری ڕزگاریی نەتەوەیی غافڵ نەبوون، بۆیە یەکەم هەوڵی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ دامەزرانی سیستمێکی ناوەندگەرا، لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. لە ساڵانی کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بە هاتنە سەرکاری ڕەزاخانی پەهلەوی، بیری دەوڵەت نەتەوەی یەکدەست لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە سەپێندرا و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا بوو بە سیاسەتی باو. هەروەها هەوڵ درا لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کە پێشتر تەنیا چوارچێوەیەکی جوگرافیایی بۆ هەموو نەتەوەکان بوو، بیکەن بە بنەمای ناسنامەیەکی دەستکرد بە ناوی نەتەوەی ئێران. لە نێو هەموو نەتەوەکانی ئێراندا سەرهەڵدان دژی سیاسەتی سڕینەوە و حاشاکردن هاتە ئاراوە و لە نێو نەتەوەی کوردیشدا ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و حاشالێکەری ڕەزاخان سەریان هەڵدا. یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاپەڕینەکان لە کوردستان، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک بوو. سمکۆی شکاک سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە مەبەستی دامەزرانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، وەڕێ خست. هاوکاتبوونی ڕاپەڕینی سمکۆ لەگەڵ سەرهەڵدانە



نەتەوەییەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران لە باشوور و باکووری کوردستان، لە بەرامبەر دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی عێراق و تورکیەدا، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد ڕەخساند، تا بتوانێت چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت، بەڵام هەلومەرجی دژواری نێونەتەوەیی ئەو سەردەمە، زیاتر ناوچەکەی کردە مەیدانی گەمەی ستراتیژی نوێی زلهێزەکان. ئامادەنەبوونی زەمینەی نێوخۆیی و هێرشە هەمەلایەنەکانی هەر سێ دەوڵەتی تازەدامەزراو و پشتیوانەکانیان بۆ سەر کوردستان، هەر سێکی ئەو ڕاپەڕینانەیان تێک شکاند. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئەو تێکشکانانە، وازی لە هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستنەوە بە مەبەستی داواکردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی نەهێنا و بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجە ناوچەیی و جیهانییەکان، تێکۆشانی خۆی بە مەبەستی پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سیاسی، کە بتوانێت هەستی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا پەرە پێ بدات، دەست پێکرد. پێشەنگ و بژاردە و ڕووناکبیرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی سیاسیی پێکهاتوو لە ئەنجامی شەڕی جیهانیی دووهەم، لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاویدا (١٦ی ئووتی ١٩٤٢ی زایینی) ڕێکخراوی نهێنی "ژ ک»، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)یان دامەزراند. دوای سێ ساڵ خەباتی نهێنی و ئەزموونی ڕێکخراوەیی، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی)دا و لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە و بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانە کە وڵامدەری بارودۆخی نێوخۆیی کوردستان و هەروەها هەلومەرجی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک ڕێکخراوێکی مودێڕن دامەزرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، وڵامێکی بەجێ و مێژوویی بوو بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک تاکە پێشەنگ و ڕێکخەری جووڵانەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووسیدا، بە خاڵێکی وەرچەرخانیش دەژمێردرێت. لە مێژووی مودێڕنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات یەکەمین حیزبی کوردستانی بوو، کە هەستی بە گرینگی ڕێکخراوی سیاسی کرد و هەر بە ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە پێشڕەوە خەڵکی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی و دێموکراتیک لە شێوەی کۆماریدا. پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری هەڵکەوتووی ئەم حیزبە، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) بە ڕەسمی دامەزرانی «کۆماری کوردستان»ی ڕاگەیاند و بوو بە سەرکۆماری ئەم کۆمارە. کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا کە یازدە مانگی خایاند، کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخی بۆ گەلی کورد بەجێ هێشت.

بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا (٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی)، لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە، خەباتی حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی ئەستەمەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی ڕێنوێن، درێژەپێدەر و وەدیهێنەری ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان، ئەرکی ڕێکخستنی بزاڤی میللی- دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی درێژە پێ دا.

خەباتی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ (١٩٦٧-١٩٦٨)، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، بۆ جارێکی دیکەش، دوای کۆماری کوردستان، دەنگی ئازادیخوازیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێی جیهانیان گەیاند. هەرچەند ئەو جارەش پۆلێک لە ڕێبەران و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی دێموکرات خوێنیان ڕژایە سەر خاکی کوردستان، بەڵام بەو ڕاپەڕینە لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە شانازی و حەماسەیان لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا تۆمار کرد و ئەو ڕاستییەیان بە دۆست و دوژمنانی ئازادی و نەتەوەی کورد سەلماند، کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و گیانبازی دان. هەر ئەو فیداکاری و لەخۆبوردووییەی کە هەتا ئێستاش بووەتە یەکێک لەو هۆکارانەی کە حیزبی دێموکراتی کردۆتە حیزبی خۆشەویست و جێگای بڕوا و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

پاش سەرکوتی ئەم جووڵانەوەیە، ڕێبەری زانای کورد، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزب و لەم ڕێگاشەوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە دەستەوە گرت. د. قاسملوو بەرنامە و پێڕەو و پێکهاتەی حیزبی لەسەر بنەمای فەرهەنگی شۆڕشگێڕانە و ئوسوول و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان ڕێک خستەوە و حیزبی دێموکراتی گەیاندە ئاستێکی کاریگەرتر.

دوای ڕاپەڕینی بەرینی گەلانی ئێران، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی)، حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاویدا (٢٦ی فێوریەی ١٩٧٩ی زایینی)، پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەباتی نهێنی، لە میتینگێکی گەورە لە شاری مەهاباددا، خەباتی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاندەوە. حیزبی دێموکرات داخوازە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە خستە بەردەست دەسەڵاتدارانی ئاخوندیی پاش شۆڕش لە ئێراندا، بەڵام ڕێژیمی نوێ بە شەڕ و سەرکوت وڵامی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی دایەوە. هەر لەو کاتەدا ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، شەپۆلێکی توندئاژۆیی و دژایەتیی لەگەڵ گەلان و بەشێک لە وڵاتانی جیهان و هاووڵاتییانی جیابیری دەست پێ کرد.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا حیزبی دێموکرات، کە دەرکی بە نێوەرۆکی دواکەوتووانە و دیکتاتۆریی ئەم ڕێژیمە کردبوو، ڕێفراندۆمی چەواشەکراوی دیاریکردنی سیستمی حکوومەتی لە ئێراندا تەحریم کرد.

لەو کاتەوە داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەردەوامی هاندەر و هەوێنی گشت چالاکییە سیاسییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و حیزبی دێموکرات

بوون. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای پێداگری لەسەر مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە، هاوکات بوو بە مەکۆی خەبات لە دژی هەر جۆرە کۆنەپەرستی، دیکتاتۆری و چەوسانەوەیەک. بە شێوەیەک کە نەک تەنیا ئازادیخوازانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵکوو تێکۆشەرانی ئێرانیش، لە کوردستانەوە هاواری ئازادیخوازیی خۆیان بە گوێی جیهان گەیاندووە. بۆیەش خەباتی هەنووکەیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لەسەر دوو هێڵی ڕزگاریی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی دەچێتە پێشەوە.

لە هەلومەرجی ئێستەی ناوچەیی و جیهانیدا، دوای ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ناوچە و تێکچوونی بەشێک لە هاوپەیمانییە کۆنەکان و هاتنە ئارای هاوپەیمانیی نوێ و شەڕی دژی توندئاژۆیی و دیاردەیەک کە بە ناوی بەهاری عەرەبی دەستی پێ کرد و بە دوای ئەو ڕووداوانەدا دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بەربڵاوتر بوونەتەوە. کۆی ئەم هۆکارانە لە لایەک شوێندانەربوون بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت و کرداری شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتدا و لە لایەکی دیکەوە، دوای بیست ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، کۆماری ئیسلامی ئەو دەرەتانەی هەبوو، کە بەشێوەی سیاسی و مەدەنی کێشەی نەتەوەکان و کێشەی کورد چارەسەر بکات؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی سەلماندیەوە، کە لە ماهیەت و ئیدئۆلۆژییەکەیدا شتێک بە ناوی ئاشتی و چارەسەریی ئاشتیانە نییە و هەروەها گوشار و داواکاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتی جیددیتر لە پێناو سەلماندنەوەی ئیرادەی نەتەوەیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، حیزبی دێموکرات بە پێداگری لەسەر بەردەوامیی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قۆناغێکی دیکەی لە خەباتی جیددی لە پێناو وەگەڕخستنی تواناکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێ کردۆتەوە، کە خەڵکی کوردستان بە «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»ـیان ناساندووە.

ڕاسانی گەلی کورد لەم قۆناغە نوێیەدا، کە بەشێوەیەکی بەرنامەدارتر و لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لە پێناوی گرێدانی خەباتی شاخ و شاردا هەوڵ دەدات، کە هێزی هێما و ورەبەخشی پێشمەرگە و وزەی جەماوەر تێکەڵ بکات و ئەرکی خەباتی ڕزگاریخوازانە بەربڵاوتر و هەمەلایەنەتر بکات. ئەم ئەرکە قورس و پڕ لە شانازییە بە خوێنی شەهیدانی نوێ و بەتایبەت لە کادرە بەرجەستەکان و ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵگیراوەتەوە و ڕاسانی خۆرهەڵات دەیەوێت هەموو چین و توێژی کۆمەڵگا خۆیان بە خاوەنی خەبات بزانن و تێیدا بەشدار بن.

## بنەما فیکری و سیاسییەکان

سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر بنەمایەک داڕێژراوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێ. لە فیکری سیاسیی مودێرندا، کەرامەت وەک بەهایەکی گەردوونی ناسراوە و لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا، کە لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاویدا (١٩٤٨ی زایینی)، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە، گرینگییەکی سەرەکی پێ دراوە و وەک «بنەمای ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی» لە جیهاندا جەختی لەسەر کراوە.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، کەرامەت دوو سەرچاوەی سەرەکیی هەیە: لە لایەکەوە دابینکردنی پێداویستی ماددیی مرۆڤ و لە لایەکی دیکەوە پێکهێنانی فەزایەکی سیاسیی ئازاد بۆ ئەوەی هەر تاکێک بتوانێ خاوەنی کەسایەتی و ناسنامەی ئێتنیکی، ئایینی و نەتەوەیی خۆی بێ و هەروەها بۆ ئەوەی ستەمی جنسی یان جێندەری کۆتایی پێ بێت. لێرەدا دەبێ دان بە ستەمی بەکۆمەڵ و لەمێژینە لەهەمبەر ژنادا بنرێت، بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە چەوساندنەوەی کولتووری، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕزگاریان بێت و لە کەرامەتی مرۆڤیی بێبەش نەبن. مرۆڤێک کە لە هەژاریدا ڕاگیراوە، مرۆڤێک کە نکۆڵی لە ناسنامە ئێتنیکی، ئایینی یان نەتەوەییەکەی دەکرێت، یان دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی تواندنەوە و سووکایەتی پێکردن یان لەژێر ستەمی جنسیدا دەژیت، مرۆڤێکە کە کەرامەتی لێ زەوت کراوە.

نکۆڵیکردن لە زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، یان هەوڵدان بۆ تواندنەوەیان لەنێو کولتووری نەتەوەیەکی دیکەدا، زەوت کردنی کەرامەتی مرۆڤی کوردە. ژیانی مرۆڤی کورد، بە بوونی زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردییەوە مانا پەیدا دەکات، بۆیە داکۆکی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد، داکۆکی کردنە لە بەها و کەرامەتی مرۆڤانە.

نەتەوەی کورد، خوازیاری ئەو مافانەیە کە نەتەوەکانی خاوەن سەروەریی (حاکمیەتی) سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ خۆیانی بە ڕەوای دەزانن؛ بۆیە حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی هەندێک هێز کە چاوپۆشی لە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەکەن و تەنیا گرینگی بە کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان پێشێلکردنی مافی تاکەکەس لە لایەن دیکتاتۆرییەتەوە دەدەن، دانپێدانان بە ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی نەتەوە ستەملێکراوەکان بە مەسەلەی بنەڕەتی دەزانێت. بەکورتی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ستەمی ڕەگەزی، نەتەوەیی و چینایەتی و هەروەها ستەم لە کەمئەندامان بە ڕێگری سەرەکیی بەهرەمەندیی مرۆڤ لە کەرامەت دەزانێ. ئەم تێگەیشتنە فەلسەفی و سیاسییە لە کەرامەت، لە ئامانجە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگ دەداتەوە.

سیاسەتی نکۆڵیکردن و سووکایەتیکردن بە بەها و هێما نەتەوەیی‌یەکانی کورد، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن و بەلووچ لە لایەن ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێرانەوە، نیشاندەری ئەو ڕاستییە مێژوویی و سیاسییەیە، کە لای حکوومەت

و لە نێو هەندێک ڕەوتی ناسیۆنالیزمی فارسدا بووەتە شۆڤینیزم. شۆڤینیزم نەک تەنیا ڕێگرە لە بەرانبەریی نێوان نەتەوەکان، بەڵکوو بەردەوام دیکتاتۆریی لە ئێراندا بەرهەم هێناوەتەوە، چوونکە دیکتاتۆریی و کۆکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و نیزامی لە تاراندا، زامنی ئەو باڵادەستییەیە. دەوڵەتی حاکم لە ئێران و هەروەها بەشێک لە ڕووناکبیران، ڕۆژنامەوانان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نەتەوەی فارس «جوداییخوازی» یان «تێکدانی ئەمنییەتی ئێران» وەک پاساوێک بۆ ڕەواییدان بەو باڵادەستییە و سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەکار دەهێنن. لە گوتاری دەوڵەتی ئێران و بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا، دەستەواژەی «جوداییخوازیی» کراوە بە تاوانێک کە دەبێ بە زەبروزەنگ و هێزی نیزامی وڵام بدرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوەی ئەوان بە جوداییخوازی ناوی دەبەن، چەواشەکردنی «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ە و بۆیە مافە نەک تاوان. هەروەها «ئەمنییەتی میللی» لە ئێران ئەفسانەیەکە، کە لەسەر حیسابی ئەمنییەتی نەتەوەیی کورد، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن و بەلووچ لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە سەپێندراوە. لە ڕاستیدا لە گوتاری دەوڵەتی ئێراندا «ئەمنییەتی میلیی ئێران» پاساوێکە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر کە تێکدانی ئەو بەناو ئەمنییەتە ستەمکارانە نەک تاوان نییە، بەڵکوو ڕەوایە.

سیاسەتی ئینکارکردن و تواندنەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ، بە کەڵکوەرگرتن لە زەبروزەنگی جەستەیی و دەروونی، نەیتوانیوە نەتەوەی کورد بە چۆکدا بێنێ و لە ویستەکانی خۆی پاشگەزی بکاتەوە. ناسنامەی نەتەوەیی کورد بنەمایەکی بابەتی هەیە، لەوانە: )خاک، زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەش) و نەتەوەی کورد لەسەر ئەو بنەمایە، ویستێکی هاوبەشی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و سەروەریی سیاسی لەسەر خاکی خۆی هەیە. لە هەمان کاتیشدا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابردوویەکی دوور و درێژی دراوسێیەتی و پێکەوەژیانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەیە و خوازیاری ئەوەیە ڕێز لە ماف و کەرامەتی مرۆڤانەی یەکتر بگرن و پەیوەندیی ئاشتییانەیان لەگەڵ یەکتردا هەبێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سیاسەتی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و پێشێلکردنی مافەکانی قەبووڵ ناکات، کەوابوو دانپێدانان بە ناسنامەی یەکتر لە ئێراندا، پێشمەرجی پێکەوەژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران، لە داهاتووی ئەم وڵاتەیە.

چوارچێوەی فیکریی حیزبی دێموکرات و ئەو فەلسەفەیەی کە لەسەری دامەزراوە، بە ڕوونی لە دژایەتیدایە لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەو تیئۆکراسییەی کە «کۆماری ئیسلامی» لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا (١٩٧٩ی زایینی)، لە سەری بونیات نراوە و هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکی دیکە. تیئۆکراسی (حکوومەتی خودا یان ڕۆحانییەت) لەگەڵ دێموکراسی (حکوومەتی خەڵک) لە نێوەڕۆکدا لە دژایەتیدایە. سەبارەت بە سیستەمی سیاسی بۆ داهاتووی ئێرانی دێموکراتیک، حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و داخوازی مافی نەتەوایەتی لە کوردستان، ئازەربایجان، بەلووچستان و ئەهواز و تورکمەنسەحرا، لە هەلومەرجی ئێستەدا سیستەمی فێدراڵی بە گونجاو دەزانێ. چونکە لە وەها سیستەمێکدا نەک تەنیا دەسەڵات بەڵکوو سەروەریش لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و حکوومەتە هەرێمییەکاندا دابەش دەکرێت. بۆ نەتەوەی کورد، گرنگ ئەوەیە لەسەر خاکی خۆی سەروەر بێ. دابینکردنی ئاسایشی نێوخۆی کوردستان، سیاسەتی پەروەردە، سیاسەتی کولتووری، کۆمەڵایەتی و کاروباری ئابووریی نێوخۆی کوردستان، دەبێ لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

فرەنەتەوەیی بوونی ئێران وا دەخوازێت، کە سنووری یەکە یان هەرێمە پێکهێنەرەکانی ئێرانی فێدراڵ لەسەر بنەمای نەتەوەیی جوگرافیایی دیاری بکرێن، هەروەها دەبێ دەسەڵات و توانستەکان لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و حکوومەتە هەرێمییەکاندا، بە جۆرێک دابەش بکرێن، کە مافی نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیاندا دەستەبەر بکرێت و دەرفەتی بەشداربوونی یەکسانیان لە بەڕێوەبردنی سیستەمی فێدرالدا بۆ بڕەخسێنێت.

## سوسیالیزمی دێموکراتیک

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئامانجێکی نەگۆڕە. بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە، حیزبی دێموکرات سوسیالیزمی دێموکراتیکی وەک ئامانجی دوارۆژ دیاری کردووە. خاڵە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگا دێموکراتیک و سوسیالیستییە ئەمانەن:

• بۆ ئەوەی ئازادی بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا دەستەبەر بێ، پێویستە لە پاڵ دەرەتانی یەکسانیی سیاسی، هەوڵ بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش بدرێت.

• دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئامانجێکە کە دەبێ هەمیشە خەباتی بۆ بکرێت، چونکە داهات و دەرکەوتی کۆمەڵگا و بەگشتی دارایی وڵات، ئەگەر لە ڕێگای سیاسەتێکی دابەشکردنی خزمەتگوزاریی دادپەروەرانەی دارایییەوە چوارچێوەیەکی بۆ دانەنرێت و ئەو سەروەتەی کە لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنرێت، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش نەکرێت، نایەکسانی و کێشەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت.

• دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پێکهێنانی سیستەمێکی خۆشبژێوییەوە بە باشترین شێوە دەستەبەر دەکرێت، چوونکە ئەو سیستەمە پێداویستی ماددی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لەبەرچاو دەگرێت و هەوڵی دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی بۆ هەموان دەدات.

# بنەماگشتییەکانی سیاسەتی حیزب

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێبەندبوون و پێداگریی لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کە ئاماژەیان پێ دەکرێت، پشتی بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، خەبات و تێکۆشانی خۆی بە هەموو تواناوە درێژە دەدات. ئەو خاڵانەی خوارەوە، لە قۆناغی ئێستەدا بنەما گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی دێموکرات پێک دێنن:

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەموو ئاستەکان بەگشتی و لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەریی پرسی ڕەوای کورددا، باوەڕی بە مێتۆدی ئاشتی و دیالۆگی بونیاتنەر هەیە.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆیی و نەتەوەیییەکانی لە هەموو شێوازەکانی خەباتی ڕەوا، بە مافی بەرگریشەوە، کە لەگەڵ بنەما فیکری و سیاسییەکانی حیزب و پێوانە نێونەتەوەیییەکانی خەباتی ڕەوا دەگونجێن، کەڵک وەردەگرێت.

• حیزبی دێموکرات، وەکوو حیزبێکی پێشەنگی کۆمەڵگا، ئەرکی هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و جێگرتنی پەروەردەیەکی ئەمرۆیی لە نێو ئەندامان و لایەنگرانی لەسەر شانە، هەتاکوو بەو شێوە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر سەرکوت و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و ستەمکارانی کۆماری ئیسلامیدا، تووشی کولتووری نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران نەبن و جیهانێکی مرۆڤانەتر و یەکسانیخوازانەیان لەبەرچاو بێت.

• حیزبی دێموکرات، هەوڵ دەدات، کە لەژێر هرۆژمی هەمەلایەنەی فەرهەنگی و زمانی و پەروەردەیی دەسەڵاتی شۆڤێنیستیدا، فەرهەنگ و زمانی کوردی بپارێزێت و بەپێی توانا هەوڵ بۆ گەشەکردنیان بدات.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوازیاری هاوپەیمانیی لەگەڵ نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان و هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێرانە و لەسەر پێوەندی و هاوخەباتیی توندوتۆڵی نێوان نەتەوەکانی ئێران، پێداگری دەکات.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێبەندە بە سەربەخۆیی بڕیاردان، خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ڕێکخراوەکانی دیکەی سیاسی و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و هاوکاریی دۆستانە پێداگری دەکات.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دژی تێرۆریزم و بەتایبەتی تێرۆریزمی دەوڵەتییە و مەحکوومی دەکات. تێرۆریزم بریتییە لە: بەئامانج کردنی بەئەنقەستی خەڵکی مەدەنی و لەنێوبردنی جەستەیی ڕێبەرانی سیاسی و کەسانی جیابیر لە ئیدئۆلۆژیی زاڵدا. حیزبی دێموکرات، پێبەندی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە و خۆی بە پشتیوانی ئەو هێز و لایەنانە دەزانێت، کە بۆ دێموکراسی و یەکسانی لە نێوان گەلاندا وەک ڕێگاچارەی درێژخایەن بۆ کێشەکانی ئێران و سەقامگیریی مانادار و ئاشتیی پایەدار لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا تێدەکۆشن.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوهەنگاوە لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە ویست و داخوازیی خەڵک سەرچاوەی سەرەکیی ڕەواییدانە بە سیستەمی حوکمڕانی. لە هەلومەرجی ئێستەدا، سیستەمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ دەتوانێت مافی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد، دەستەبەر بکات.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ئەساسی بڕوا بە پلۆرالیزم و فرەچەشن بوونی کۆمەڵگای کوردستان و پێویستیی بە یەکڕیزیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە کوردستاندا، بوونی حیزبی دیکەی تێکۆشەر لە پێناوی مافی خەڵکدا هەم بە پێویست دەزانێت و هەم لەسەر هاوپێوەندی و هاوکاری و پێکەوە خەباتکردن لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندییە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەیییەکاندا پێداگری دەکات.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوێکی خاوەن پێگەی مێژوویی و جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر بۆیە دەبێ تێبکۆشێت هێزی لەبڕانەهاتووی نەتەوەکەمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەی حیزبدا داڕێژراون، وەگەڕ بخات. لە وەها ڕەوشێکدایە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددی و کارا و دەتوانێت مافە دێموکراتیک و نەتەوەیییەکانی نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا وەدی بێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم بەرنامەیە دەخاتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و داوا لە هەموو دانیشتووانی کوردستان دەکات، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە، شێلگیرانە تێبکۆشن. هەروەها پێویستە هەموو خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بەتایبەتی، لە ویست و داخوازە نیشتمانی و دێموکراتیک و نەتەوەیییەکانی خەڵکی کوردستان، ئاگادار بکرێنەوە.

بەشی یەکەم

# بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

فەسڵی یەکەم

## ئامانجە گشتییەکان

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکات.

• ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی سوسیالیستییە.

• دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دابینکردنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ لە ئێراندایە.

• حیزبی دێموکرات، نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا، بە هاوچارەنووس دەزانێت و پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیییەکانیان دەکات.

• پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕێبازی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

• حیزبی دێموکرات دژی هەموو شێوازێکی هەڵاواردن، لەسەر بنەمای: پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەنگ، دین، ئایینزا، نژاد، ئێتنیک، جنس و هتد.

• حیزبی دێموکرات، لە پێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی ئەو هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییە، کە لە دژی ژنان دەکرێت، خەبات دەکات.

• حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لە خەباتی ئاشتیخوازانە، دێموکراسیخوازانە و نەتەوەیی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکات و لایەنگری دۆستایەتی و ئاشتی نێوان هەموو نەتەوەکانی جیهانە. هاوکات لە نەبوونی دەرفەتی خەباتی سیاسی، حیزبی دێموکرات، هەموو شێوازە ڕەواکانی خەبات بە مافی بەرگریشەوە، بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان بە ڕەوا دەزانێت.

## فەسڵی دووهەم
# بنچینەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە قۆناغی پێش ڕزگاری، حیزبی دێموکرات بەپێویستی دەزانێت، بەرنامەیەکی بەرینتر پێشکەش بکات، کە هەروەها مۆدێلی حوکمڕانیی دێموکراتیک بۆ داهاتووی کوردستان و حکوومەتێکی فیدراڵ لە ئێراندا لە خۆ بگرێت.

• ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لەو هەرێمانەیە، کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و هاوشان لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێران، وڵاتی فیدراڵی ئێران پێک دێنن.

• هەرێمی کوردستان، هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوگرافیایی هەرێمی کوردستان، بەپێی پێوەری جوگرافیایی نەتەوەیی و ویستی زۆربەی دانیشتووان دیاری دەکرێت.

• لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە هەر شوێنێکی ئێراندا، کە زۆربەی دانیشتووانی کورد بن و داوای مافی نەتەوایەتییان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی خۆیاندا بکەن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکات و ئەوان بە هاوپەیمانی نەتەوەیی و ستراتێژیکیی خۆی دەزانێت. هەروەها لە هەر شوێنێکی ئێراندا کورد نیشتەجێ بێ و داوای مافی کولتووریی خۆی بکات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکات. بە هەمان شێوە نەتەوە غەیرە کوردەکانی دانیشتووی کوردستانیش لە مافی کولتووریی خۆیان بەهرەمەند دەبن.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای سەروەریی خەڵک و سەربەخۆیی و جیایی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری و پلۆرالیزم و جیایی دین لە حکوومەت دادەمەزرێت.

• لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی دەسەڵات، خەڵکە. خەڵک ئەو دەسەڵاتە لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیان لە پارلەمانی کوردستان و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی هەرێمەوە بەکار دێنن.

• پێوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی ئێران، لەسەر بنەمای یاسایەکی دێموکراتیک دیاری دەکرێت. نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستانی ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لە هەرێمەکانی خۆیاندا، لە ڕێگەی دەزگاکانی فیدراڵەوە بەبێ هیچ جیاوازییەک، لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار دەبن.

• هەرێمی کوردستان، ئاڵا، سروود و جێژنی نەتەوەیی خۆی هەیە، کە هەموویان لە پارلەمانی کوردستاندا بڕیاریان لەسەر دەدرێت. ئاڵای کوردستان لە هەموو ئیدارە دەوڵەتی و فەرمییەکاندا هەڵدەدرێت. لە هەرێمی کوردستاندا ئاڵای ئێرانی فیدراڵیش لە تەنیشت ئاڵای کوردستاندا هەڵدەدرێت.

• پارلەمانی کوردستان، بەرزترین ئۆرگانی یاسادانانی هەرێمی کوردستانە، نوێنەرانی پارلەمان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، یەکسان، بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

• ئەنجوومەنی وەزیران لە لایەن پارلەمانەوە متمانەی پێ دەدرێت و بەرانبەر بە پارلەمان وڵامدەرە.

• پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان، لە ئەستۆی پۆلیسی حکوومەتی هەرێمە. ئەرکی هێزی پێشمەرگە، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی هەرێمی کوردستانە.

• زمانی کوردی، زمانی فەرمی هەموو ئاستەکانی خوێندن و پێوەندییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە. لە هەرێمی کوردستان و لە قوتابخانەکاندا، زمانی فارسیش لە پاڵ زمانی کوردیدا دەخوێندرێت.

• پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی کوردیان تێدایە، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بەڕێوە دەچێت.

## فەسڵی سێهەم
# مافەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان

• هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندیدارەکاندا دەستنیشان کراون، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستەبەر دەکرێن. هەموو دانیشتووانی کوردستان بەبێ هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی یەکسان، کەڵک وەردەگرن. ئازادی ڕادەبرین و دەسپێڕاگەیشتن بە زانیاری، مافی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە و دەستەبەر کردنیان ئەرکی حکوومەتی کوردستانە.

• ژن و پیاو لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵگادا، مافی یەکسانیان هەیە و لە وەرگرتنی کار و مووچە یەکسانن و ژنان لە مافی پشووی دووگیانی و منداڵبوون، کەڵک وەردەگرن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سڕینەوەی کولتووری پیاوسالاری، بەرنامەیەکی تۆکمە دادەڕێژێت و وێڕای بەیاسایی کردنی لە کۆمەڵگادا، جێبەجێی دەکات.

• بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانیی ڕەگەزی، ڕاستکردنەوەی ئەو بێعەداڵەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە ژنانی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوون، لە کار و شوێنە گرینگەکانی بڕیارداندا، دەرفەتی تایبەتییان بۆ دەڕەخسێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بە دەستەبەرکردنی هەموو مافی منداڵان، کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی منداڵدا هاتووە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت.

• کەمینە نەتەوایەتی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەموو مافە دیاریکراوەکانی نێو جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بەهرەمەند دەبن و لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ پەرەپێدان و پاراستنی کولتووری خۆیان یارمەتی دەدرێن.

## فەسڵی چوارەم

# ئا: سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی

• بە مەبەستی روونکردنەوە، دەبێ پێش پێشکەشکردنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکرات، جەخت بکرێتەوە، کە سەرچاوەی داهاتی کوردستان پێک هاتووە لە سامانە سروشتییەکان، کشتوکاڵ، گەشتیاری، باجوەرگرتن (مالیات) و پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی دەوڵەتی فێدراڵ، یان هەر داهاتێکی دیکەی خۆماڵی. حکوومەتی هەرێم لە دارشتنی سیاسەتی ئابووریی و دابەشکردنی ئەو داهاتانە بە مەبەستی باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی هەرێم و پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان سەروەرە.

• بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی بواری ئابووری لە رێگای بەرنامەداڕشتنێکی زانستییەوە لە هەرێمی کوردستان، لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووریی کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتی و بورۆکراسی ناوەندگەرایە، پێویستە دابەشکردنی داهاتی گشتیی وڵات لە لایەن دەوڵەتی فێدراڵەوە بە چەشنێک بێت، کە بەشی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی رادەی دواکەوتوویی ناوچەکەیان زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

• یەکێک لە رێگا سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران، لە رێگای پیشەیی کردنە (صنعتی کردن) بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتی وڵات لە لایەکی دیکەوە، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ بە پیشەیی کردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی فێدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، پیشەسازی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێت و هەموو ئاسانکارییەک دەکات بۆ بەشداری کەرتی تایبەتی و دەرەکی لە پێشخستنی ئابووریی وڵات و بەتایبەتی پیشەیی کردندا و هەر لەو کاتەدا پارێزگاری لە پیشەسازیی خۆماڵی و نەتەوەیی‌یەکانیش دەکات.

• سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوینییەکانی کوردستان، وەک هەموو هەرێمەکانی ئێران، سامانی گشتین و حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەولەوییەتدان بە پێشخستنی ئابووریی کوردستان و باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتووانی بە رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی فێدراڵ، بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگی دەداتە بواری مێکانیزەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و وەک بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ئابووریی چاوی لێ دەکات و رێوشوێنی گەشەسەندنی بۆ دابین دەکات و هەروەها حکوومەت بەشەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئابووریی کوردستان دەزانێت و بۆ پێشخستن، پاراستن و پەرەپێدانی وەرزێری و ئاژەڵداری لە کوردستاندا، بە قازانجی جووتیاران و ئاژەڵداران کار دەکات. لەو پێوەندییەدا بەرنامە دادەرێژێت و بریار و رێوشوێنی پێویست دیاری دەکات.

• بردنەسەرەوەی ئاستی ژیانی خەڵک و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی سەرەکیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم حکوومەتە هێز و توانای خۆی وەکار دەخات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکرێت.

• ماوەی فەرمی کار لە حەوتوودا نابێت لە ٤٠ سەعات تێپەرێت، ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کارەکەیان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی تێچووی گوزەران دیاری دەکرێت و لەگەڵ چوونەسەری ئەو تێچووانەدا، حەقدەستەکەیان زیاد دەکرێت. کرێکاران بەرانبەر بە پێشهاتەکانی کار، نەخۆشی، پەککەوتوویی، بێکاری و پیری بیمە دەکرێن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٦ساڵ کەمتر بێ، نابێ کاریان پێ بکرێت. مافی مانگرتن و خانەنشینی دەبێ لە هەرێمی کوردستاندا پارێزراو بێ.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بەپێی گەڵاڵەیەکی زانستی، پێش بە پارچەپارچە بوونی زەویی جووتیاران بگرێت، بۆ ئەوەی زیان بە رادەی بەرهەمهێنانی گشتی نەگەیێنێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێناو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ساڵم، پێویستە بە لێوردبوونەوە و سەرنج و روانگەیەکی خەسارناسانەوە، ئاوڕ لە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە و بەرنامەیەکی زانستی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان، دابرێژێت.

• گرنگیدان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری دەبێ، لە ئەولەوییەتەکانی حکوومەتی هەرێم بێ.

## فەسڵی چوارەم ب: سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردە

• لە هەرێمی کوردستاندا، سیستمی پەروەردەی نەتەوەیی هاوتەریب لەگەڵ پێوانەکانی پەروەردەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نرخ و بەها مێژوویی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دادەمەزرێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرنجێکی تایبەت دەداتە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی منداڵان و لاوان و ئیمکاناتی پەروەردەیی و فێرکارییان بۆ دەڕەخسێنێت.

• هەموو منداڵانی کوردستان، هەتا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری هەنگاو هەڵدەگرێت. لە هەرێمی کوردستاندا دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بەبێ بەرانبەرە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێچووی خوێندنی منداڵانی چین و توێژە کەمداهاتەکان و منداڵانی شەهیدان، لە هەموو فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکات و تێچووی خوێندنی خوێندکارانی بلیمەت و هەڵکەوتووی کەمداهات و منداڵانی شەهیدان، لە زانکۆ و ئەنستیتۆ بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی گشتیی فەرهەنگیی خەڵک و دامەزراندنی ناوەندی فەرهەنگی و زانستی پێویست هەنگاو هەڵدەگرێت و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کورد تێدەکۆشێت.

• بایەخدان بە پەرەگرتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران، هونەرمەندان، پسپۆڕان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، هەروەها حکوومەت پێویستە کە پاڵپشتی زانایانی ئایینیی نیشتمانپەروەر بێ.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەوڵ بدات، لە سیستمی پەروەردەییدا کولتووری پێکەوەهەڵکردن و یەکتر تەحەمووڵکردن جێگیر بکات و قوتابیان بەدوور لە کولتووری توندوتیژی و یەکترسڕینەوە پەروەردە بکرێن.

## فەسڵی چوارەم پ: سیاسەتی لەشساغی

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی لەشساغی هەموو خەڵک تێدەکۆشێت و هەلومەرجێک پێک دێنێت، کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانیی پێویست کەڵک وەربگرن.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، داینگە و زایینگە هەنگاو هەڵدەگرێت و بۆ بەخێوکردنی کەسانی کەمداهاتی بەساڵاچوو، ڕەبەن و بێخاوخێزانیش بنکە و بونیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو مافانەی کە بۆ کەمئەندامان لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا لەبەرچاو گیراون، دابین دەکات.

• حکوومەتی هەرێم، دەبێ بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ گشت هاووڵاتییانی دانیشتووی کوردستان دابین بکات.

• حکوومەتی هەرێم پێویستە، کە بەرنامەی تایبەتی بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت.

## فەسڵی چوارەم ت: سیاسەتی پارێزگاریی ژینگە و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان

پارێزگاری کردن لە ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچە و گیانلەبەرەکان یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەروبەرە پێشگیری بکرێت. پێویستە لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای پیشەسازیی نوێ و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا، پاراستنی ژینگە لەبەرچاو بگیرێت.

• حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بناغەکانی پیشەسازیی گەشتیاری دادەڕێژێت و بەرنامەی گونجاو بۆ پاراستنی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکان دادەنێت.

## فەسڵی پێنجەم
# سیستمی فێدراڵی لە ئێران
## دەستووری فێدراڵ و دابەشکردنی دەسەڵات

• دابەشکردنی سەروەری، بنەمای سیستمی فێدراڵییە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دابەشکردنی سەروەری لە نێوان هەرێمە "جوگرافی نەتەوەیی»ییەکان لە دەستووردا دەستەبەر بکرێت، هەم دەسەڵاتی فێدراڵ و هەم دەسەڵاتی هەرێمەکان پەیڕەوی یاسای فێدراڵ دەبن.

• دادگای بەرزی فێدراڵ، کە لە پسپۆڕانی هەموو نەتەوەکانی ئێران، بەشێوەی یەکسان پێک دێت، بە کێشە یاساییەکانی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و حکوومەتە هەرێمییەکاندا دەچێتەوە و هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوانیاندا ڕادەگرێت.

• لە ئێرانی فێدراڵدا چ لە ئاستی دەسەڵاتی فێدراڵ و چ لە ئاستی هەرێمەکاندا، هەرکام لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری لە یەکتر سەربەخۆن.

• لە ئێرانی فێدراڵدا، بڕیاردان لە شۆرای فێدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەراندا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دەبێ. شۆرای فێدراڵ لە نوێنەرانی نەتەوەکانی وڵات، بە ڕادە و مافی وەک یەک پێک دێت و هەموو ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەران کە پێوەندییان بە ماف و بەرژەوەندیی هەرێمەکانەوە هەیە، لە لایەن شۆرای فێدراڵەوە پەسەند دەکرێن.

• مافی پەسەندکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە پێوەندییان بە هەرێمەکانەوە هەیە، بەپێی بنەما دەستوورییەکانی ئێرانی فێدراڵ، بە پارلەمانی هەرێمەکان دەدرێت.

• هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران، بەبێ هەڵاواردن لە دامەزراندنی سیستمی ئێرانی فێدراڵدا بەشدارن و ئەم مافە لە یاسای بنەڕەتیی سیستمی فێدراڵدا پەسەند دەکرێت.

• یاسای بنەڕەتیی ئێرانی فێدراڵ، بەپێی پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و لەوانە مافە کولتووری، سیاسی، ئابووری و پەیماننامە نێونەتەوەیییەکان، بە جۆرێک ڕێک دەخرێت، کە مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئیتنیکی، ئایینی، زمانی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەو سیستمە فێدراڵە لە چوارچێوەی سنووری پێناسەکراوی جوگرافی نەتەوەیی هەرێمەکاندا، بە فەرمی بناسرێت.

• ئەو پرسە هاوبەشانەی کە پێوەندییان بە حکوومەتی فێدراڵەوە هەیە، وەک: دراو، ئەرتەش، بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری، سەرچاوەکانی داهات و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانە گشتییەکان، سیاسەتی دەرەوە، کێش و پێوەرەکان، لە دەسەڵاتی هاوبەشی حکوومەتە هەرێمییەکان و حکوومەتی فێدراڵدا دەبن.

## فەسڵی شەشەم
# سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی فێدراڵ

• ئێرانی فێدراڵ لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دوولایەنە و ناسینی مافی سەروەریی نیشتمانی، پێوەندی دادەمەزرێنێت و لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانەی کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن، پێوەندیی دۆستانە پێک دێنێت.

• ئێرانی فێدراڵ لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوەیەدا پشتیوانی لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوەژیانی هێمنانەی دەوڵەتان دەکات و لایەنگری چارەسەریی ئاشتییانەی گیروگرفتە نێونەتەوەیییەکانە لە ڕێگای وتووێژەوە، بەبێ بەکارهێنانی گوشار، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ڕێگای ناوەندە خاوەن سەڵاحییەتەکانییەوە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی نێونەتەوەیی، بەکارهێنانی گوشار بەپێویست بزانێت.

• سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی فێدراڵ، بۆ دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان و هاوکاریی سیاسی، ئابووری و کولتووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەوڵ دەدات.

• پێویستە ئێرانی فێدراڵ پشتیوانی لە چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسی لە هەموو جیهاندا بکات و لە خەباتی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان داکۆکی بکات و مافی پەنابەریی سیاسی بە مرۆڤە دێموکراسیخواز و نیشتمانپەروەرە خەباتکارەکان بدات.

• هەرکام لە هەرێمەکانی ئێرانی فێدراڵ، دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان لە وڵاتانی دیکەدا بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هەبێت.

## فەسڵی حەوتەم
# سیاسەتی بەرگری

• سیاسەتی بەرگریی ئێرانی فێدراڵ، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانی فێدراڵ، دادەمەزرێت.

• ئەرتەشی ئێرانی فێدراڵ لە کۆی هەموو یەکە چەکدارەکانی هەرێمە فێدراڵەکان پێک دێت و فەرماندەییەکی هاوبەشی دەبێت، کە بە ڕێککەوتن لە نێوان هەرێمەکاندا دیاری دەکرێت. ئەرتەش بۆی نییە دەست لە سیاسەت یان لە کاروباری نێوخۆیی هەرێمەکان وەر بدات.

• ئێرانی فێدراڵ، لە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو خۆ دەپارێزێت و بە هەموو ڕێککەوتنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە کاتی شەڕەوە پێبەند دەبێت.

بەشی دووهەم

# پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ماددەی ١ ناو و نێوەڕۆکی حیزب

• ناوی حیزب: **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**

لەم پێڕەوەدا و لە درێژەدا هەر بە ناوی حیزبی دێموکرات ئاماژەی پێ دەدرێت. مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شوێنانەی ئێرانە کە کوردی تێدا دەژیت.

• حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات.

• ناوی حیزب لە ئاستی نێونەتەوەییدا: Democratic Party of Iranian Kurdistan

کۆرتکراوەی ناوی حیزب: PDKI.

## ماددەی ١ ئارمی حیزب

• ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتووە لە: بازنەیەک بە ڕەنگی شین، کە لە لای ڕاستیەوە گوڵە گەنمێکە بە ڕەنگی زەرد و لە لای چەپیەوە چەرخێکی پیشەسازییە بە ڕەنگی سپی، کە لە حەوت دەندە پێکهاتووە. ناوەندی بازنەکە پێکهاتووە لە خۆرێکی دە تیشکی و کێوێک بە ڕەنگی سەوز. لە خوارەوەی ئارمەکە و لە نێوان گوڵەگەنم و چەرخە پیشەسازییەکەدا، زەمینەیەکی سوور هەیە، کە کتێبێکی سپی لە سەرە و ١٣٢٤ لە خوارەوەی کتێبەکەدا نووسراوە، کە ئاماژەیە بە ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

**تێبینی**

لە چالاکییەکانی حیزب لە ئاستی نێونەتەوەیی و دەرەکیدا، لە جیاتی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) بەکار دێت و لە ژێرەوەی ئارمەکەش PDKI دەنووسرێت.

## ماددەی ٢ ئەندامەتی حیزب

هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئێران و هەر هاونیشتمانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات بە مەرجێک: • تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ. • بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب پەسەند بکات.

**تێبینی** هەموو کوردێکی هاووڵاتیی ئێران و ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵات کە پەڕیوەی هەندەرانن، یان لە تاراوگەدا لە دایک بوون، دەتوانن ببنە ئەندامی حیزب.

## ماددەی ٣ وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێت پێویستە: • بە فەرمی داوای ئەندامەتی بکات. • دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.

• لانیکەم شەش مانگ بەبێ مافی هەڵبژێران و هەڵبژاردن، لە قۆناغی تاقیکردنەوەدا بێت.

• لە لایەن ئۆرگانی تەشکیلاتیی پێوەندیدارەوە، بە ئەندام وەربگیرێت.

ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

**تێبینی** کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە ئەندامی حیزبن، دەتوانن ئەندامی ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتانە بن.

## ماددەی ٤ ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

• بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتوون، تێبکۆشێت.

• بە هەموو تواناوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی سیاسی و یەکیەتیی تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدات.

• بەپێی پێڕەوی نێوخۆ دیسپلینی حیزبی بپارێزێت.

لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا، چالاکانە تێبکۆشێت.

نهێنییەکانی حیزب بپارێزێت.

• ئاستی زانیاریی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرەوە.

• سیاسەتی حیزب باتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندییان لەگەڵ بەهێز بکات و لە بیروڕا و ئەزموونەکانیان کەڵک وەربگرێت.

• بڕیارە حیزبی و ڕێکخراوەیی‌یەکان بەڕێوە ببات و ڕاپۆرت بە ئۆرگانی پێوەندیدار بداتەوە.

• حەقی ئەندامەتی بە ڕێکوپێکی بدات.

**تێبینی** ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن، بەڵام ئەرکەکانی حیزب بە تەواوی بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتیی حیزب دەناسرێن.

## ماددەی ٥ مافەکانی ئەندامی حیزب

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

• لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا بەپێی ڕێوشوێنە پێوەندیدارەکان بەشداری بکات.

• بە ئەندامی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێت. هەڵبژێران بۆ ئۆرگانەکانی حیزب، بەپێی مەرجی دیاریکراو دەبێت.

• کار و چالاکیی هەر ئەندام یان ئۆرگانێکی حیزب هەڵسەنگێنێت و لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا، بیخاتە بەرباس یان ڕەخنەی لێ بگرێت.

• لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بیروڕای خۆی بە هەموو ئۆرگانێکی حیزب ڕابگەیێنێت و پرسیارەکانی بخاتە ڕوو و وڵام وەربگرێتەوە.

• لە هەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی پێوندیدار شکایەت بکا و وڵام وەربگرێتەوە.

• لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا، کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو هەڵبسەنگێنێ و بیەوێت بڕیاری لەسەر بدات، بەشدار بێت .

## ماددەی ٦ دیسیپلینی ئەندام

١ • ئـەو ئەندامانـەی ئەرکـی خۆیـان بەجـێ ناگەیەنـن، یـان بـە پێچەوانـەی پێـڕەوی نێوخۆیی حیـزب دەجووڵێنەوە، یـان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن، کـە زیان بە پرسـتیژ و سـامانی حیـزب دەگەیەنێت، یان حەقـی ئەندامەتـی نادەن، بەپێی ڕادەی پێشـێلکردنی دیسـیپلینەکانی حیـزب، بـەم چەشـنەی خـوارەوە بڕیاریـان لەسـەر دەدرێـت:

• سەرکۆنە بە دەم.
• سەرکۆنە بە نووسراوە.
• ئەستاندنەوەی لێپرسراوی.
• هەڵپەساردن.
• وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی لە حیزبدا.

**تێبینی**

• درێژتریـن مـاوەی هەڵپەسـاردن سـاڵێکە. ئەندامـی هەڵپەسـێردراو لـە مـاوەی هەڵپەسـاردندا خاوەنـی هیـچ مافێکـی ئەندامەتـی نییـە.
• ئەندامـی هەڵپەسـێردراو، پـاش مـاوەی هەڵپەسـاردنەکەی، ڕابردووی حیزبـی بـۆ لەبەرچـاو دەگیردرێت و لە ڕێگای ئۆرگانی سـەرەوەترەوە کاری بـۆ دیـاری دەکرێـت.
• سـزای حیزبـی لـە لایـەن ڕێکخـراوی حیزبیـی پەیوەندیـدار و بـە زۆرینـەی دەنـگ دیـاری دەکرێـت و بـۆ وەرگرتنـەوەی مافـی ئەندامەتـی، پێویسـتە ئۆرگانـی سـەرەوەتر بڕیـاری لەسـەر بـدات.
• مەبەسـت لـە سـزای حیزبـی، پێگەیاندنـی ئەندامـە و تەنیا ئەوکاتە ئەنـدام سـزا دەدرێـت، کـە ڕێـگای دیکـەی وەک ڕەخنـە و ڕێنوێنـی و ئیقنـاع لـە بـاش کردنـی ئـاکاری ئـەودا کاریگەرییـان نەبووبێـت.
• ئـەو ئەندامانـەی سـزا دەدرێـن، مافـی ئەوەیـان هەیـە لـە ئۆرگانـی پێوەندیـدار داوای پێداچوونەوە بکـەن. ئـەو ئەندامـەی دەردەکرێـت دەتوانـێ سـکاڵا بـۆ کۆنگـرەش بنێرێـت.

• بـۆ هاندانـی ئەندامانـی حیـزب و هەروەهـا ڕێزگرتـن لـە کار و تێکۆشـانی ئەندامانـی چـالاک، هەروەهـا بـۆ باشـتر بەڕێوەچوونـی دیسـیپلینی حیـزب پێویسـتە جیـا لـە بوونـی سـزادان، هاندانیـش هەبێـت؛ بـەو پێیـە، پێویسـتە ئۆرگانـە پێوەندیـدارەکان ڕێزلێنـان و هاندانـی ئەندامانـی چـالاک و سـەرکەوتوو بەڕێـوە ببـەن.

## ماددەی ٧ قەوارەی حیزب

نێوەڕۆکـی قـەوارەی حیـزب، خـۆی لـە دیسـانتراڵیزەکردنی حیـزب و دابەشـکردنی ئـەرک و دەسـەڵاتدا دەبینێـت و لەسـەر ئـەم بنەمایە چۆنیەتیـی هەماهەنگـی و هاوسـەنگی لـە نێـوان بەرپرسـایەتی و سـەڵاحییەتی بەرپرسـان و ئۆرگانەکانـدا ڕێـک دەخـات. ئـەم قەوارەیە بـە لەبەرچاوگرتنـی سیاسـەت و هەڵوێسـتی حیـزب بـۆ تێکۆشـانی داهاتـوو لـە بـاری سیاسـی، نیزامـی، ڕاگەیاندنـی و ڕێکخسـتنەوە سـەرنجی پـێ دراوە. دیسـانتراڵیزەکردنی حیـزب وەک بنەمایەکـی گشـتی دەبێـت.

**داڕشتنی پێکهاتەی حیزب لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ، کە:**

• بەڕێوەبەریی هەموو ئۆرگانێکی حیزب بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێت.
• ئۆرگانەکانـی حیـزب بـە ڕێکوپێکـی ڕاپۆرتـی تێکۆشـانی خۆیـان هـەم بـەو کۆنفڕانسـەی کـە هەڵیـان بـژاردوون و هـەم بـە ئۆرگانـی پێوەندیـدار، دەدەنـەوە.

هاوسـەنگیی نێـوان مافـی ئەنـدام و ئـۆرگان بـە شـێوەیەک دابیـن دەکرێـت، کـە نـە داهێنـان و ئازادیـی تـاک پێشـێل بکرێـت و نـە چوارچێـوەی ئۆرگانـی تێـک بدرێـت. کەمایەتـی لـە نێـو ڕێکخـراوی حیزبیدا پێبەنـدی بڕیاری گشـتییە. کەمینـەی فیکری و سیاسـی مافی بەرگریـی لـە نەزەراتـی خـۆی، لـە ڕێـگای کۆبوونـەوە و بڵاوکراوەکانـی نێوخۆیـی حیزبـەوە پارێـزراو دەبێـت.

• لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەپێی ئەساسنامە و بەبێ جیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.
• بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر بە ڕاوێژ لەگەڵ ئۆرگانی خوارەوەتر دەدرێت و لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر جێبەجێ دەکرێت.
• داڕشتنی پلان و بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان، بە کۆمەڵە. تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا، جێگایان نییە.

## ماددەی ٨
# کۆنگرەی حیزب

• کۆنگرەی حیزب بەرزترین ئۆرگانی حیزبە، کە لەسەر بنەمای پێڕەوی نێوخۆ هەر چوار ساڵ جارێک دەگیرێت.

• کۆنگرە ستراتیژی و سیاسەتە گشتییەکان، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب پەسەند دەکات و ڕێبەرایەتیی نوێ هەڵدەبژێرێت.

• کۆنگرەی حیزب لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی، دەستەی کارگێڕی، هەروەها ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکانی ئۆرگانە سیاسی و کارگێڕییەکانی حیزب و ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستان بەپێی کارنامەی کار و پێوەرە دیاریکراوەکان پێک دێت.

**تێبینی** یەکەم کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەتوانێ ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئۆرگانەکان و فەرماندەیی پێشمەرگە دیاری بکات، کە ڕاستەوخۆ بە مافی دەنگدانەوە بچنە کۆنگرەوە. بەو مەرجەی کە ئەو کەسانە پێش لە کۆنفرانسەکان دیاری بکرێن و لە کۆنفرانسدا بەشدار نەبن.

پێکهاتەی کۆنگرە بە جۆرێک دەبێت، کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بەشداری کۆنگرە بن.

**تێبینی** دووهەم لە حاڵەتێکدا کە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی بەپێویستی بزانن، کۆنگرە زووتر لە ماوەی دیاریکراوی چوار ساڵ دەگیرێت. ناوەندی هەڵبژاردن بەرپرسی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و هەڵبژاردنەکانە.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:**

• ستراتیژی و سیاسەتە گشتییەکان و بەرنامە و پێڕەوی حیزب پەسەند دەکات. • لێپرسراوی گشتیی حیزب کە بەرپرسی دەستەی کارگێڕییە، هەڵدەبژێرێت. • ژمارەی پێویستی ئەندامانی ناوەندی سیاسی پەسەند دەکات و هەڵیان دەبژێرێت.

**کۆنگرەی نائاسایی:**

• کۆنگرەی نائاسایی بە بەشداریی هەموو ئەندامانی ناوەندی سیاسی، دەستەی کارگێڕی، بەرپرسانی ئۆرگانەکان، ئەندامانی ئەسڵی بەشەکان، فەرماندەکانی پێشمەرگە و بەرپرسانی ڕێکخستنی ئاشکرا پێک دێت. کۆنگرەی نائاسایی کاتێک دەگیرێت کە: • ئیمکانی گرتنی کۆنگرەی ئاسایی لە ئارادا نەبێت. • لە هەلومەرجێکدا کە ناوەندی سیاسی نەتوانێت، ئەرکی خۆی لە ئاستی بابەتە گرینگە سیاسییەکاندا بەباشی بەڕێوە ببات. بۆ گرتنی کۆنگرەی نائاسایی پێویستە: • دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواووەخت داوا بکەن.
• یان دوو لەسەر سێی کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی داوا بکەن.

**تێبینی** • کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی مافی ئەوەی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ڕادەی نیوەی ئەندامانی خۆی، لە ئەندامانی حیزب و ڕاوێژکارانی ئۆرگانەکان بە مافی دەنگدانەوە، لە کۆنگرەدا بەشدار بکات. ئەم کارە دەبێت، پێش بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکانی حیزب بکرێت، چونکە ئەو کەسانە لە کۆنفرانسەکاندا مافی دەنگدانیان نابێت.
• کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندامی ناوەندی سیاسی، یان لێپرسراوی گشتی کە خاوەنی پێوەر و پێوانە دیاریکراوەکان بن، کە ناوەندی هەڵبژاردن دیاری دەکات.

## ماددەی ٩
# کۆنفرانسی ئۆرگانەکانی حیزب

• کۆنفرانسی ئۆرگان پێک دێت، لە هەموو ئەوانەی کە لانیکەم شەش مانگ لە ئەندامەتییان لە حیزبدا تێپەڕ بووبێت.

• ئەو کەسە دەتوانێت خۆی بۆ نوێنەر لە کۆنگرەدا بەربژێر بکات کە:

• لانیکەم دوو ساڵ بەسەر ئەندامەتیی لە حیزبدا تێپەر بووبێت.

• کارنامەی تێکۆشانی بەربژێرەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بەپێی پێوەر و پێوانە دیاریکراوەکان لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن.

**تێبینی**

• دوای کۆنفرانسی هەر ئۆرگانێک، نوێنەرانی هەڵبژێردراو کۆ دەبنەوە و بۆچوون و پێشنیار و ڕەخنەکانیان لەسەر ڕاپۆرتی سیاسی و هەر گەڵاڵە و پێشنیارێکی دیکە کە دەخرێتە بەر نەزەری کۆنگرە گەڵاڵەیان دەکەن و یەک کەس بە نوێنەرایەتی خۆیان بۆ خستنە بەرباس و ڕوونکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکانیان لە کۆنگرەدا دیاری دەکەن، تاکوو کاتی پێویستیان بۆ هێنانە گۆڕی بابەتەکانیان هەبێت.

• کۆنفرانسی ئۆرگانەکان پێویستە لانیکەم دوو مانگ بەر لە کۆنگرە پێک بێن و نوسخەیەک لە گەڵاڵەی بۆچوون و پێشنیار و ڕەخنەکانی خۆیان بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بنێرن.

## ماددەی ١٠ ناوەندی سیاسی

ئەم دەزگایە وەک ناوەندی سیاسی و یاسادانەری حیزب، ئۆرگانی داڕێژەری سیاسەتە گشتییەکانی حیزب لە چوارچێوەی بڕیار و ستراتیژی و بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەدایە .

کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی بە بەشداریی٢/٣ی ئەندامەکانی ڕەوایی پەیدا دەکات و بڕیارەکانی بە دەنگی زۆرینەی «نیوە کۆ یەک»ی بەشداران پەسەند دەکرێن.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی ناوەندی سیاسی:**

- هێڵە سیاسییەکانی حیزب لە چوارچێوەی بڕیارەکانی کۆنگرەدا دادەڕێژێت و پەسەندیان دەکات.
- یاسا و ڕێساکانی ئۆرگانە کارگێڕییەکانی حیزبی پەسەند دەکات.
- دەسەڵاتی دامەزراندن یان هەڵوەشاندنەوەی ئۆرگانە حیزبییەکانی لە ڕێگەی یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکان و بە پێشنیاری دەستەی کارگێڕییان دەبێت.
- چاوەدێری و پێداچوونەوە بە سەر بەڕێوەچوونی ئاییننامەکانی دەستەی کارگێڕی، دەزگاکانی بەدواداچوون و چاودێری، هەڵبژاردن و لێپرسراوی گشتی دەکات.
- بەرپرسی پەسەندکردنی پێکهێنانی هاوپەیمانی، یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانە.
- ئەندامانی پێشنیاریی لێپرسراوی گشتی بۆ دەستەی کارگێڕی پەسەند دەکات.
- لە ڕێگای دەزگای بەدواداچوون و چاوەدێرییەوە، چاوەدێریی بە سەر کاری لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیدا دەکات.

**تێبینی**

- ئەگەر دەستەی کارگێڕی بەپێویست بزانێت، کە ئۆرگانێکی نوێ بۆ حیزب دامەرزێنێت، یان ئەوەی کە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبی هەڵبوەشێنێتەوە، دەبێت ئەو بابەتە لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە پەسەند بکرێت.
- لە حاڵەتی پێویستدا کە لێپرسراوی گشتیی حیزب، توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی نەبوو، ناوەندی سیاسی دەتوانێ بە دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی، متمانە لە لێپرسراو وەربگرێتەوە و بڕیاری لابردنی بدات.
- لە ئەگەری ڕووداوی نەخوازراودا کە لێپرسراو لە ژیاندا نەما، یان لە کاتی ئەستاندنی متمانە لە لێپرسراو، تا گرتنی کۆنگرە لە ماوەی ساڵێکدا، جێگری یەکەمی لێپرسراو ئەرکەکانی ئەو جێبەجێ دەکات.
- لە حاڵەتی ئەوەی کە جێگری لێپرسراویش وڵامدەری ئەرکەکانی نەبێ، لەسەر پێشنیاری دەستەی کارگێڕی، بە پەسەندی نیوە کۆ یەکی ناوەندی سیاسی، متمانەی لێ وەردەگیرێت و کەسێکی دیکە لە ناوەندی سیاسی، بە دەنگی نیوە کۆ یەکی ئەندامانی ناوەندی سیاسی، بە جێگرەوە هەڵدەبژێردرێت و هەتا کۆنگرەی نائاسایی کە لە ماوەی ساڵێکدا دەگیردرێت، بەرپرسایەتییەکانی لێپرسراوی گشتی بە ئەستۆ دەگرێت.
- ئەندامانی ناوەندی سیاسی بەپێی پێوەرە دیاریکراوەکان، لە نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی شارەزای حیزب لە بوارە جیاجیاکاندا لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
- ئەندامانی ناوەندی سیاسی کاری ئیجراییان پێ ناسپێردرێت، بۆیە دەکرێت تەواو وەخت نەبن.
- ناوەندی سیاسی ئەوپەڕەکەی لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا کۆبوونەوە دەگرێت و وڵامی دەستەی کارگێڕی دەداتەوە لەسەر گەڵاڵە، پێشنیار یان پرسیارێک کە بە نووسراوی فەرمی پێشکەش کراوە.
- ناوەندی سیاسی لانیکەم وەرزانە کۆبوونەوەیەک پێک دێنێت.
- ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی بە مەبەستی پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان ناوەندەکانی یاسادانان و بەڕێوەبەریدا ساڵانە لانیکەم دووجار کۆ دەبنەوە.
- دەستەی کارگێڕی بۆ بەرپرسی دەرەوەی وڵات و هەرکام لە بەشە سەرەکییەکانی، پێشنیاری خۆی بە مەبەستی پەسەندکردنیان بە ناوەندی سیاسی دەدات.
- کەسانی پێویست بۆ ئەندامەتیی ناوەندی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن.
- دەزگای هەڵبژاردن وەک دەزگایەکی خاوەن سەڵاحییەت لە چوارچێوەی یاساکانی هەڵبژاردندا کار دەکات و لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرێت و بەرامبەر بە ناوەندی سیاسی بەرپرسیارە.
- دەزگای بەدواداچوون و چاوەدێری، لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرێت و وەک ئۆرگانێکی خاوەن سەڵاحییەت چاوەدێری و پێداچوونەوە بە کارەکاندا دەکات و ڕاپۆرتی خۆی بە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەداتەوە.

## ماددەی ١١ دەستەی کارگێڕی

لێپرسراوی گشتیی حیزب، کە لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێت، بەرپرسی دەستەی کارگێڕییە و کارە بەڕێوەبەرییەکانی ئۆرگانە حیزبییەکان لەم ناوەندەدا بەڕێوە دەبردرێن. لێپرسراوی گشتی و بەرپرسانی کارگێڕیی حیزب، دەستەی کارگێڕی پێک دێنن.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی بریتین لە:**

- بڕیارەکانی ناوەندی سیاسی و ئەرکەکانی حیزبی جێبەجێ دەکات.
- بەرامبەر بە ناوەندی سیاسی وڵامدەرە و ڕاپۆرتی کاری خۆی پێ دەداتەوە.
- پێشنیاری ئۆرگانەکان بۆ دیاریکردنی هاوکارەکانیان کە بەپێی کارنامەی کار دەبێت، پەسەند دەکات.
- دەستەی کارگێڕی بە شێوەی ڕێکوپێک کۆبوونەوە دەگرێت و بە کۆ بڕیار دەدات.
- ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، تەواووەخت لە خزمەتی حیزبدا دەبن و بە گوێرەی پێوەرە پەسەندکراوەکان پێشنیار دەکرێن.

**تێبینی**

- ئەگەر دەستەی کارگێڕی بەپێویست بزانێت، کە ئۆرگانێکی نوێ بۆ حیزب دامەزرێنێت، یان یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبوەشێنێت، دەبێ ئەو بڕیارە لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە پەسەند بکرێت.
- یەکەی کارگێڕی لە دەرەوەی وڵات بەپێی پێوەرەکان و بە پێشنیاری دەستەی کارگێڕی و پەسەندی ناوەندی سیاسی دیاری دەکرێت.
- ناوەندی ڕێکخراوە دێموکراتیک و مەدەنییەکان بە گوێرەی یاسا و ڕێسای ڕێکخراو، گرینگییان پێ دەدرێت و لە چوارچێوەی دەستەی کارگێڕیدا کارەکانی ڕێک دەخرێت.

## ماددەی ١٢ لێپرسراوی گشتی

• لێپرساوی گشتی، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی حیزبە و لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسیش بە مافی دەنگدانەوە بەشدار دەبێ.
• هەماهەنگی لە نێوان بەشە سەرەکییەکانی حیزب پێک دێنێت.
• دەربڕی ڕاوبۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبە و دەتوانێ وتەبێژێک بۆ دەربڕینی بۆچوونی حیزب دیاری بکات.
• بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕیی لە ئەستۆیە.
• پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب، لە ئەستۆی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب و بەتایبەت یەکێک لە ئەرکەکانی لێپرساوی گشتییە.
• وێڕای لێژنەیەکی سێ کەسی کە جێگری لێپرساویش ئەندامی دەبێت، بەرپرسی دارایی و چالاکییە ئابوورییەکانی حیزبە.

**تێبینی** • لێپرساوی گشتی بە گوێرەی پێوەر و یاساکان، ئەندامانی دەستەی کارگێڕی دیاری دەکات و بۆ پەسەندکردنیان بە ناوەندی سیاسییان دەناسێنێت.
• هەر بەرپرسێکی پێشنیارکراوی لێپرساوی گشتیی حیزب بۆ دەستەی کارگێری، بەپێی پێوەر و ڕێوشوێنە دیارەکان دەبێ و ئەگەر ئەو کەسە لە دەوری پێشنیارکردنی یەکەمدا دەنگی پێویست نەهێنێتەوە و لێپرساو دووبارە بەربژێری بکاتەوە، تەنیا بۆ دەوری دووهەم دەکرێ پێشنیاری بکاتەوە و لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی دووبارەیدا، لێپرساو دەبێ ئەوپەڕەکەی لە ماوەی مانگێکدا کەسێکی دیکە بۆ ئەو کارە پێشنیار بکات.

## ماددەی ١٣ جێگری لێپرساو

• ڕێکخەری ناوەندی سیاسییە کە لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەو ناوەندەدا، لەسەر پێشنیاری لێپرساوی گشتی بە زۆرینەی دەنگ لە نێو ئەندامانی ناوەندی سیاسی هەڵدەبژێردرێت و ئەرکی جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتیی دەکەوێتە ئەستۆی.
• جێگری لێپرساو لە نەبوونی لێپرساودا ئەرکەکانی ئەو ڕادەپەڕێنێت.
• کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی ڕێک دەخات.
• جێگری لێپرساو لە کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕیدا بە مافی دەنگەوە بەشدار دەبێت.

**تێبینی** لێپرساو ئەگەر بەپێویست بزانێت، جێگری دووهەم لە ڕێگای پێشنیار بە ناوەندی سیاسی و پەسەندکردنی لە لایەن ئەو ناوەندەوە، دیاری دەکات.

## ماددەی ١٤ ناوەندی بەدواداچون و چاوەدێری

• دەزگایەکی دامەزراو لە لایەن ناوەندی سیاسییە. بەڕێوەبەریی ئەم دەزگایە لە سێ کەس پێک دێت و لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە دیاری دەکرێت. ئەم دەزگایە دەتوانێ بە گوێرەی پێویستی خۆی کەسانی شارەزا لە کاری بەدواداچوون و چاوەدێری وەک هاوکاری هەمیشەیی یان کاتی دیاری بکات.
• دەزگای بەدواداچوون، چاوەدێری و بەدواداچوون بۆ هەموو کارە ئیداری، دارایی و یاساییەکانی حیزب بەپێی ئاییننامەی پەسندکراو دەکات.
• دەزگای بەدواداچوون بەشێوەی ڕێکوپێک چاوەدێریی و بەدواداچوون دەکات، یان ئەو کاتانەی کە دەزگاکانی ناوەندی سیاسی، کارگێڕی یان لێپرساوی گشتی داوای بەدواداچوون لە بەشێکی کاری حیزبیان لێ دەکەن. لەو کاتانەدا لە ئاکامی بەدواداچوونەکانیان ڕاپۆرت دەدەنەوە بەو بەشانەی کە داوای بەدواداچوونیان کردووە.

## ماددەی ١٥ ناوەندی هەڵبژاردن

• ئـەم دەزگایـە هەڵبژاردنەکانـی حیـزب لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا، لەسـەر بنەمـای ڕێسـا و یاسـا پەسـندکراوەکان بەڕێـوە دەبـات. بەڕێوەبەریـی ئـەم ناوەنـدە لـە سـێ کـەس پێـک دێـت و لـە لایـەن ناوەنـدی سیاسـییەوە دیـاری دەکرێـت.

• ئـەو یاسـا و ئایینامانـەی کـە دەزگای هەڵبـژاردن کاریـان پـێ دەکات، لـە چوارچێـوەی پێـڕەوی نێوخۆیـی حیـزب و لـە ناوەنـدی سیاسـیدا پەسـەند دەکرێـن.

• دەزگا، ڕاپۆرتی خۆی لە هەر هەڵبژاردنێکدا بە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەداتەوە.

**تێبینی**

• ناوەنـدی هەڵبـژاردن بـە مەبەسـتی بردنـە سـەری ئاسـتی بەشـداریی ژنـان لـە ڕێکخسـتن و چالاکـی حیزبـی، لـە چوارچێـوەی یاسـای پەسـەندکراوی ناوەنـدی سیاسـیدا، مکانیزمێـک پەیـڕەو دەکات، کـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا و هەروەهـا بـۆ دیاریکـردنی ئەندامـان و هـاوکارانی کۆمیتـەکان، بـە ڕێـژەی ژمـارەی ئەندامـانی ژن لـەو شـوێنانەدا، پشـکیان بـۆ دیـاری بـکات. ئـەو ژنانە دەبێـت مەرجـە گشـتییەکانی بەربژێرییان تێـدا ببێـت.

## ماددەی ١٦ ڕێکخراوەکانی حیزب

١ • حیزب دوو جۆر ڕێکخراوی هەیە: • یەکەم: شانە تەشکیلاتییەکان • دووهەم: ڕێکخراوە سینفی و تایبەتەکان

٢• کۆمیتەی حیزب لە هەر ناوچەیەک پێک دێت، لە کەسانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ئەو کۆمیتەیە.

٣ • کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە، بەپێی یاساکانی هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێت.

٤ • کۆنفرانسـی کۆمیتـە ناوچەیـی و ڕێکخراوەیی‌یـەکان، دوو سـاڵ جارێـک لـە نوێنەرانـی هەمـوو ئەندامانـی حیزبـی هـەر ئۆرگانێـک پێـک دێـت.

٥• لـە کاتـی پێویسـتدا دەسـتەی کارگێـڕی دەتوانێـت، لـە چەنـد کۆمیتـەی هاوشـێوەدا لـە بـواری تایبەتمەندییـەوە، یـان نزیـک لـە بـواری جوگرافیایی‌یـەوە، ناوەندێکـی گەورەتـر پێـک بێنێـت.

## ماددەی ١٧ دارایی حیزب

بەرپرسـیارەتی گشـتیی داهـات و دارایـی حیـزب لـە ئەسـتۆی دەسـتەی کارگێڕییـە، کـە لـە ڕێگـەی ئۆرگانێکی تایبەتـەوە کە لـە ماددەی دوازدەدا هاتـووە بەڕێـوە دەبرێـت.

سەرچاوەی دارایی حیزب بریتیە لە:

• ئابوونەی ڕێکخراوەکانی حیزب
• ئابوونەی ئەندامانی حیزب
• یارمەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نیشتمانپەروەرانی ئازادیخواز
• داهاتی چالاکییە ئابوورییەکانی بنکە و دامەزراوەکانی حیزب

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

www.**kurdistanMedia**.com

**PDKI** Media © 10 March **2018**